لە خولی ئیتاڵیا یۆڤانتۆس بە دوو گۆڵ بەرامبەر گۆڵێك لە لە كالیاری بردەوە

لە هەفتەی 12ی خولەکە لە یاریگای خۆی یانەی یۆڤانتۆس میوانداری یانەی کالیاری کرد.

لە گەمی یەکەمی یارییەکە ئاستێکی مامناوەندی بە خۆیەوە بینی و هەردوو یانە شکستیان هێنا لە تۆمارکردنی گۆڵی یەکەم.

لە گەمی دووەم یانەی یۆڤانتۆس دەستپێشخەری کردوو لە خولەکی 60 گۆڵی پێشکەوتنی تۆمارکرد لەلایەن جیڵسۆن بریمەری بەرازیلی و لە خولەکی 70 روگانی دووەم گۆڵی تۆمارکرد بەڵام پاش پێنج خولەک کالیاری جیاوازییەکەی بە گۆڵێک کەمکردەوە لەلایەن ئەلبەرتۆ دۆسینا .

سەرەنجام یانەی یۆڤانتۆس بە دوو گۆڵ بەرامبەر گۆڵێك لە کالیاری بردەوە و کۆی خاڵەکانی گەیاندە 29 خاڵ بە شێوەییەکی کاتی لە پێشەنگی خولی ئیتاڵیا دەبینرێت.